# خواردنی کوردەواری

## کفتەی سەوز

**نەجیبە سەلیم**

ئەم خواردنە بە زۆری لە کەرکووک و گەرمیان ئامادە دەکرێت.

**کەرستەی پێویست**

بڕوش بە گوێرەی پێویست
گۆشتی ئاژەڵ
پیاز
کە رەوز
ڕۆن
(زلق)ی بەسەرک دوو دەسک
شەلغەم یەک سەرک
کەمێک سماق
بەهارات و خوێ
کەمێک برنج

**چۆنیەتی دروستکردنی**

بڕوشەکە دەخوسێنی، گۆشتە کە دەکرێتە قیمە، پیازو کەرەوزو خوێ و بەهاراتی تێ دەکرێت، وەکو کفتەی دەپێچرێت، ئینجا زلقەکەی دەهێنین جوان وردی دەکەین و بە ئاون جوان دەیکوتین تاسەوزییەکەی دەداتەوە، ئینجا هەندێک گۆشتی بە ئێسقان دەکولێنین، پاشان سۆری دەکەینەوە و هەندێک ڕۆنی تێدەکەین، پاشان زلقاوەکەی تێ دەکەین، ئینجا سەرکە زلقەکەو شەلغەمەکە لەگەڵ سەرکێک پیاز وردەکەین و لەگەڵ هەندێک برنج، هەمووی تێکەڵ دەکەین و دیکەینە ناوی، پاشان هەندێک ئاوی سماقی تی دەکەین تا بەکوڵ دێت، ئینجا کفتەکەی تێ دەکەین، کە کفتەکە بە کوڵ هات پێشکەش دەکرێت، نۆشی گیانتان **بێت.**



## کفتەی گزک

**نەجیبە زرار سادق**

لە دەوروبەری شاری مەلاتیەی کوردستانی باکور جۆرە کفتەیەک لە بڕوش یا پیر خەنی دروست دەکرێت، کە لە قەسپێک گەورەتر نییە، دوای ئەوەی بڕوش لە ئاوێ دەکرێت و بە هاراتی پێویستی تێکەڵ دەکرێت و تەواو تێکی دەدەن و وەک هەویری لێدەکەن، ئینجا کفتەی گچکەگچکەی لێ دروست دەکەن و دەیکولێنن، دوای خستنە سەر ئاگری بە چارەگێک دەیهێننە خوارەوە و دەیپارزنن، دواتر دەیخەنە مەنجەڵێک و ڕۆن و پیاز و کەرەوز و تەماتە و بیبەری تێدەکەن، دوای کوڵانی دەیهێننە خوارەوە و ئامادە دەبێت بۆ خواردن و بەم چێشتە دەڵێن گزک کفتە یاگزک کۆتلک.

## سەماو شایی دەشتی هەولێر

3



**خالید جوتیار**

سەما... پلەی هەرە باڵای توانەوە و وروژانی خودی کەسەکەیە، هەستە ناوەکییەکانی مرۆڤە، هەندە جاران بەپێی ڕەزمی ناوەوە دەخولڤێ و لەگەڵ ئامێرە ڕەزمییەکانیش تەبایی خۆی بەتابلۆیەکی هونەری جوان دەردەبڕێ، ئەو چرکەساتانە مرۆڤ خۆی لەبیردەکا و ئەندامەکانی لەشی بەشێوەی جیاجیا دەکەونە حاڵەتی ئاماژە، سەما لە هەردوو حاڵەتی شادی و غەمدا دەکرێ، بەپێی زەین دان و لێ هوردبوونەوە سەما دەکرێتە سێ بەش ١- سەمای ئایینی ٢- سەمای شادی ٣- سەمای غەم، سەما لە ناوچەی هەولێر کەم دەکرێ، ئەگەرچی جارجارە لە شایی یان چەند گەنجێکی کوڕ یان دایکی زاوا بۆ زیاتر جۆشاندنی هەڵپەرکێ و لەزەتی خۆیان تاک تاکە دێنە دەرێ و لەگەڵ ڕەزمی شاییەکە هاوسەنگییەک پێک دێنن. دیارە سەمای تاک لە هەڵپەرکێی بەکۆمەڵ کۆنترە و ئازادی جولەی کۆ هەڵپەڕین کەمتر دەبێتەوە ئەگەر چی چێژی شایی ڕەشبەڵەک جۆرێکی تر لە ئازادی تاک دەجۆشێنێ ئەو کاتەی توخمی بەرامبەر وروژانی ناوەوە زیاتر دەکا و جوانییەک دەبەخشێتە جۆری شاییەکە، ئەوەی ئێمە بەسەمای ئایینیمان دانا ئەو حاڵەتانەیە، دیندارێک یان دەروێشێک یان سۆفییەک بۆ خۆتەکاندن لە گوناح و بێزاری لەدەست ژیانی پڕ گرێی دنیایی پەنای بۆ دەبا و لەوبارەش هەوڵی بەرزبوونەوە و باڵابوونەوەیە بۆ گەیشتن بەو پلە ژووریانەی ڕوحی بنیادەمیان پێ شاددەبن، ئەو سەمایە لە تەکیە و پەرستگاکان شێوەی ڕەهایی وەردەگرێ و جەستەی مرۆڤ وەکو هەویرێک هەموو شێوەیەک وەردەگرێ کەبەمەستە ئاینیەکە بیەوێت، تەنانەت جولانەوەی گۆپاڵ یان شیر لەدەستی کەسەکە لەگەڵ بزافتنی لەش شێوەیەکی تەبای دەبێت. ڕەزمی تەپڵ و دەف گرێیە دەروونییەکان دەجۆشێنێ و لەشی دەبێتە بابەتێکی دەربڕی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەو سەمایە پەیوەندی بەخۆ دەرخستن و جوانی لەش نییە، بیەوێ سەرنجی خەڵک ڕاکێشی، بەڵکو خۆ بزرکردنە لەگوناحەکانی دونیا، توانەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتێکی خوایی هەرە باڵا، لەزەتەکە ئازارە، یان خۆ ئەزیەت دانە، بۆ تۆڵە سەندنەوەیە لە ئەندامەکانی لەش ئەوانەی گوناحیان زۆرە، ئەو توانەوەیە بەرامبەر دەسەڵاتێکی خوایی هەرە باڵا چێژەکەی خۆ ئازاردانە. ئەم جۆرە کەسانە دەیانەوێ پاکی دەروون بکەنە سەر دەستەی لێکدانەوەی ئایین بەرامبەر خود. لەسەمای دەروێشاندا جولەی وروژاو و خێرا تاسەر ئاماژەکانی بێ هودەیی دەدا بەبەرەڵلاکردنی جولاندنی بۆ ئەم لاوئەولای، هەموو ئەندامەکانی لەش تێکرا لە گەرمەی بزوتنەوە دان بۆ گەیاندنی پەیامی پەشیمانی بۆ دەسەڵاتی خوایی .

# چیرۆکی فس فس پاڵەوان



شێرزاد هەورامی

لەتەمەنی منداڵیم،ماڵمان لە گەڕەکی گۆمەپیس بوو لە شاری هەولێر، لەگەڵ چەند منداڵێکی هاوتەمەنی خۆم، شەوان دەچووینە ماڵی خوالێخۆشبوو مام ئەمین، ئەویش حەکایەتی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە، یەک لەو حەکایەتانە بەر لە (٥٢) ساڵ هەر لە خەیاڵم ماوە، حەکایەتی (فس فس پاڵەوان)بوو. مام ئەمین بەم شێوەیە بۆی دەگێڕاینەوە:-

هەبوو نەبوو کەس لەخودا گەورەتر نەبوو، پیاوێک و ژنێک هەبوو، پیاوەکە زۆر ترسنۆک بوو، لەکاتی شەوان دەبایە ژنەکە لەگەڵی بچێتە دەرەوە بۆ میزکردن، ڕۆژهات ڕۆژ ڕۆیی ژنەکە لە پیاوەکەی بێزاربوو، بڕیاری دا ئەو جارە دوا جاربێ لەگەڵی بچێتە دەرەوە، بۆیە کاتێ پیاوەکەی لە دەرەوە میزی دەکرد، ژنەکەی بە غاردان گەڕایەوە ژوورەوە و دەرگای داخست، هەر چەندی پیاوەکەی لێیناورایەوە بەڵام ژنەکەی دەرگای لێ نەکردەوە، پیاوەکە ناچار داوای هەندێک ئارد و یەک دوو هێلکەی لێکرد، ژنەکەش لە دەلاقەی هۆدەکەوە ئاردو هێلکەی دایێ، ئینجا بە ناچاری پیاوە ترسنۆکەکە ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت، کاتەکەشی شەو درەنگ بوو زۆریش دەترسا، پاش ماوەیەک لە ڕۆیشتن گەیشتە کۆشکێکی گەورە، سەیری کرد چەند دێوێک لە پێش کۆشکەکەن هاواریان دەکرد، ئێمە حەفت بووین بووینە هەشت، کابراش لە ترسان خۆی پیس کردبوو، بەڵام غیرەت گرتی بەدێوەکانی گوت ئەو حەفتبوون و هەشت بوونەتان چیە؟ ئێوە نازانن من فس فس پاڵەوانم، دێوەکانیش دایانە قاقای پێکەنین و گاڵتەیان پێکرد، فس فس پاڵەوانیش گوتی، من دەتوانم پارچە بەردێک بکەمە ئارد و پارچە بەردیش بکەمە ئاو، ئینجا دووپارچە بەردی هەڵگرت و ئارد و ئاوەکەی لێ دەرهێنا، چونکە پیاوەکە کاتی خۆی دوو هێلکە و گۆڵمە ئاردەکەی لە ژنەکەی خۆی وەرگرتبوو، کاتێ دێوەکان ئەم کارەیان دیت لە فس فس پاڵەوان ترسان و بڕیاریان دا کەوا ببێتە سەرۆکیان. لێرەدا فس فس پاڵەوان نانی کەوتە ڕوونێ، بەکەیف و هەوای خۆی لەنێو کۆشکەکەدا ڕای بوارد، ئەم دێوانە مەشکەیەکی گەورەیان هەبوو بۆ ئاو هێنان، هەر ڕۆژەی یەکێکیان ئاوی پێ دەهێنا، کە نۆرەی فس فس پاڵەوان هات، گەیشتە سەر ڕووبارەکە یەک قوم ئاوی لەمەشکەکە کرد و بەشەکەی دیکەی پڕ کرد لەهەوا، کاتێ گەڕایەوە ناو کۆشکی دێوەکان، زارکی مەشکەکەی خستە سەردەمی و قومە ئاوەکەی خواردەوەو هەوایەکەش لەگەڵیدا هاتە خوارێ و مەشکەکەشی دایە دێوێکی دیکە و گوتی بڕۆ ئاو بێنە. دێوەکانیش سەریان سووڕما لە ئاو خواردنەوەی فس فس پاڵەوان، دێوەکان داوایان لێکرد کەوا بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. فس فس پاڵەوان ڕازی بوو بەڵام بە شەرتێک یەک گونیە زێڕی بدەنێ. دێوێکی گەورەیان لەگەڵی نارد لەگەڵ فەردە زێڕێک بەرەو گوندی فس فس پاڵەوان بەرێکەوتن، کاتێ گەیشتنە گوندەکە، فس فس پاڵەوان بەدێوەکەی گوت لێرە ڕاوەستە هەندێک ئیشم هەیە، بەپەلە چووە ماڵەوە و لە دەرگای دا، کاتێ دەرگای بۆ کرایەوە ژنەکەی گوتی دیسان هاتیتەوە، هەی ترسنۆک، ئەویش گوتی کچێ یەک فەردە زێڕم بۆ هێناوی لەسەرپشتی دێوێکە لەگەڵمە، گەر لە دەرگام دا، بڵێ بەخێربێیەوە فس فس پاڵەوان، ئینجا گەڕایەوە لای دێوەکە و پێکەوە ڕۆیشتن تا گەیشتە ماڵی خۆی، کاتێ لە دەرگایدا ژنەکەی دەرگای کردەوە و گوتی بەخێر بێیەوە فس فس پاڵەوان، کاتێ دەچنە ژوورەوە دادەنیشن، لەناکاو تڕێکی گەورە لە دێوەکە بەردەبێ، لەبەر هێز و گەورەیی هەوایەکە فس فس پاڵەوان لەناو ژوورەکەدا دەسوڕایەوە، دێوەکەش بە فس فس پاڵەوانی گوت گەورەم لەناو بەرزایی ژوورەکە بۆ نایێیتە خوارەوە، فس فس پاڵەوانیش گوتی دەمەوێ زیلکە دارێک دەربێنم و لە قوونتی ڕاکەم. دێوەکە لەترسان بە غاردان لە ماڵەکە دەرچوو گەڕایەوە ناو کۆشکەکەی خۆیان، فس فس پاڵەوانیش بە ژنەکەی خۆی شادبوو، بوونە خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆر، منیش کلاشم دڕا و هیچم پێنەبڕا!

# شەلم کوێرم نابارێزم

**بەشی دووەم**



بەهرام محەمەد

سوێند بەسەری ئەو دەروێشانەی لە گوندەکەی ئێمە، کاتی خۆی، ڕدێنیان بستەک پان بوو، بەرۆژ لەبەیانی هەتا ئێوارە لەناو وەردوشۆ و پەرێزان دەگەڕان و (مار) یان دەگرت، بەشەویش لە کۆبوونەوەکانی حیزب بە تێر و تەسەلی نەزەریاتەکانی (مارکس و لینین) یان بۆشەن و کەو دەکردن...

بەسەری ئەو ماستاوچییانەی نانی سەیدی ماستاوفرۆشیان بڕی و قوڕ بەسەرەی لە خەفەتی ئەوان مرد، کە بیست سی ساڵێک لەمەوبەر دوکانی ماستاوفرۆشییەکەی لە تەنیشت گۆڕی ئەو پیاوچاکە بوو کە لەناوەندی قەیسەرییەکانی ناو بازاڕی گەورەی هەولێر هەتا ئێستا دڵێی نێرکی عەردییە و هیچ لێپرسراوێکی ئەم شارە جورئەت ناکا لای ببا، لەترسی ئەوەی نەوەک خوانەخواستە شەوێ لەمە چێتر دەستی لێ بوەشێنن و دەوی خواربێ...

بەسەری ئەو ئافرەت و ژنانەی کاتی خۆی چەندین نووسراوی حیزبیان لەناو نیفۆی دەرپێیە شەپ و شۆڕە کوردەوارییەکانی خۆیان حەشاردەدا و دەیانگەیاندە باوک و براو مێردە پێشمەرگەکانیان، کەچی ئەمڕۆ لە پشت کەندووان کەوتوون و بەزگەک تێر و بەدەیان برسین...

بەسەری ئەوان باوکانەی کچەکانیان دەدایە بەر پێلەقان و بەزەبری خەنجەرێ بە مێردیان دەدان و ئەوانیش لە ترسان هیچ نقەیەکیان نەدەکرد و فزەیان لێوە نەدەهات...

بەسەری ئەو مەلایانەی ئەو جۆرە کچانەیان لە پشتی دەرکەوە مارە دەکرد و گۆێیان نەدەدایە هیچ فەرمایشت و شەرعێکی خوایی، لەبەر ئەوەی چەورییەکی بۆ ئەوان تێدابوو...

بەسەری ئەو سەرپەرشتیارە پەروەردەییەی جانتاکەی ئەوەندە گەورە بوو منداڵێکی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی پێوەدەچوو، دەیانگۆ ڕۆژێک چوو بووە قوتابخانەیەک و خزمەتگوزارەکانی هەموو کۆکردبوونەوە، کە هەموویان ئافرەت بوون، پێی گوتبوون کوا دەفتەر خوتەتان...

سوێند بەوانە و بەچەندی دیکەش ئەگەر چی لە ژمارەی ڕابردوو بەڵێنم پێ دابوون لەو ژمارەیە شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام بە حەدادی کابەی، هەتا ئەو دەمەش فڕ لە بیرم نەمابوو، سەرچێغ چووبووم و ئێستا بە بیرم هاتیتەوە، تازەش کار لە کارترازاوە و جێگەی نەماوە، دەبێ ببوورن بە پشتیوانی خوا لە ژمارەی دادێ ئەگەر نەمرم هەر بۆتان دەگێڕمەوە.

**چاوەڕوان بن**

# هێسترەکەی شێخەڵڵاو پیاوانی زێدبەگی



ئا: محەمەد کەریم نانەوا

لێرەولەوێ گوێبیستی سەربردەی هێسترەکەی شێخەڵڵاو پیاوانی عەشیرەتی زێدبەگی دەبووم، گوایە شێخەڵڵا هێسترەکی هەبووە بە دوور لە فەرمانی مرۆڤ ئەم ئیشوکارەی پێسپێردراوە جێبەجێیکردووە، بۆیە چەند پیاوێک لە عەشیرەتی زێدبەگی ئێرەییان پێبردووە.

رۆژێکیان بۆ بەدواداچوون بۆ ماجەرای ئەم سەربردەیە، لە کاک (جەلال خدر)م پرسی: بەوەی کە ناوبراو لە نەوەی زێدبەگییانە، بەڕێزیان لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ باوکم دەیگێڕاوە دەیگوت: ئێمە عەشیرەتی زێدبەگی لە زەمانی زوو لە دوو ناوچە نیشتەجێبووین، باپیرە گەورەمان لە گوندی (کۆزە پانکە) نیشتەجێبوو، ئەو گوندە هی خودا لێخۆشبوو (شێخی چۆلی) بووە باپیرەم سەرکاربووە لەم گوندە.

بەڵام ئەوانی دیکە، لە گوندەکانی (شەرەبۆت و پیرەش و کۆڕەک و.. نیشتەجێبوون، ئەوسا (شێخ عەبدوڵڵا قطب زادە)، کە لە شاری هەولێر بە شێخەڵڵا ناسراوە، بێجگە لە مزگەوتی شێخەڵڵا، دەنگوباسی بازاڕی شێخەڵڵا، بەهەموو دنیادا بڵاوبویتەوە وەکو بازاڕێکی میللی: جا حەزرەتی (شێخ عەبدوڵڵا قطب زادە)، پێش ئەوەی بێتە شاری هەولێر، لە یەکێک لە گوندەکانی شەرەبۆت و پیرەش و... ئاکنجی بووە.

دەڵێن هێسترەکی هەبووە، ئەو هێسترە بێئەوەی کەسێک هەوساری رابکێشێ، یان یەکێک وەپێشەخۆی بدات، ئەو هێسترە ئیشوکاری خۆی جێبەجێکردووە، بۆ نموونە: کاتێ کە باراشیان لێبارکردووە، سەربەخۆی رۆیشتووە بۆ ئاش، کە دەگەیشتە جێ بارەکەیان لەسەر پشتی دادەگرت، کە باراشەکەیان لە ئاشی لێدەکرد، دواتر لێیان باردەکردەوە بەرەو ئاوایی روویان وەردەچەرخاند، دەنگیان دەدا یەکڕاست دەگەڕاوە هەتا دەگەیشتەوە مەنزل گیرنەدەبوو، ئیدی هەموو کارەکانی وەکو شەغرەکێشان و ئەو ئیشانەی کە بە هۆی وڵاخی بەرزە جێبەجێدەکران، ئەو هێسترە بە ئیشوکاری دەزانی، بەرێکوپێکی ئەنجامی دەدا، دەڵێن: چەند کەسانێک لە عەشیرەتی زێدبەگی، ئێرەییان بەم هێسترە دەبرد، چاویان هەڵنەدەهات، بۆیە رۆژێ لە رۆژان لە دەرەوەی ئاوایی لەرێگا هێسترەکە دەگرن، هەردوو چاوی پڕی قیر دەکەن و بەرەڵڵای دەکەن، کەچی بەم حاڵەشەوە هێسترەکە دەچێتەوە بەر دەرگای ماڵی شێخەڵڵا، کاتی کە شێخ چاوی بە هێستر دەکەوێ هەردوو چاوی پڕ قیرکراوە، دەزانێ ئەم کارە کاری زێدبەگییانە.

بۆیە دوعا لە زێدبەگییان دەکات و دەڵێ:

**- لە زێدبەگییان هوڕو مل.**
**- لە بەهاران چاوبەکل.**
**- لە هاوینان شلومل.**
**- لە پاییزان جوار لەمل.**
**- لە زستانان شان بەجل.**

کاک جەلال دەڵێ: ئێستایش دەگەڵدابێت ئەو بنەماڵەیە هەر برسین، بەنانی خۆیان نەگەیشتوون.

# بووک گواستنەوەی جاران



**ئا/وێنە: ژیان دزەیی**

کاتێ لە گوندی ماڵێک بۆ کوڕەکەیان ژنیان دەهێنا، پێش گواستنەوەی ژنەکەی خواردنیان ئامادەکرد و چەند مەڕی گەورەیان سەردەبڕی و خۆیان ساز دەکرد و لە هەموو لایەک لە خزم و کەسیان دەگێڕایەوەو هەموو کۆدەبوونەوەو رەشماڵیان هەڵدەدا، ئەو کات تیپی مۆسیقا و سالۆنی جوانکاری نەبووە، هەر لەماڵەوە بووک ئامادە دەکرا جل و بەرگی کوردی لەبەر دەکرا، وێنەگرتن هەر نەبوو ئەوکاتی ئەگەر هەشبوویێت کەم بووە.

بووک دەڕازاوە لەسەر دوو بالیفی خڕی بەکشتەک دادەنیشت، ژنان و کچان لە دەوری خڕ دەبوونەوەو ئەم گۆرانییەیان بۆ دەگوت و چەپلەیان بۆلێ دەدا:

**بووکانە بووکانە بووکێ**
**کراسی کتانە بووکێ**
**بووکمان چەندە جوانە بووکێ**
**بە ئاوە بە ئاوە بووکێ**
**زورگەزراو بە ئاوە بووکێ**
**سەرزینی سورمەی خاوە بووکێ**
**لێت پیرۆز بێت زاوا بووکێ**
**قەرەچوغ بە بەردەبووکێ**
**گەردەن سوسنێ زەردە بووکێ**
**لێت پیرۆزبێت پەردە بووکێ**
**ماینی بووکێ شێ یە بووکێ**
**سەرزینی رێ رێیە بووکێ**
**قۆناغ لە پردێیە بووکێ**
**بووکانە بووکانە بووکێ**
**زەردو سور لەملانە بووکێ**
**قابیلی خزمانە بووکێ**
**رێی موسرێ تاتە بووکێ**
**زاوا پێی داهاتە بووکێ**
**هینای شەش خەراتە بووکێ**
**رێی موسرێ دەرزی بووکێ**
**زاوای لێ دابەزی بووکێ**
**هینای سەروکەزی بووکێ**
**بووکانە بووکانە بووکێ**

# حەسەن حەیران.... شاگوڵی حەیران بێژان





وەنەوشە جەلال بەگ ڕەواندوزی

دەشتی هەولێر جیا لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەرەوتی ژیان و پیاوەتی و میوانداری و سوار چاکی و عەگیدی مەیدان، لەگەڵ ئەوەشەدا لەهەر گوندێکیدا دیوەخان هەیە کە مەڵبەندی کۆبوونەوەی گەورەی گوندی و جووتیارە هەژارەکانە و بۆتە قوتابخانەیەک بۆ فۆلکلۆر و حەیران و هەقایەت و قسەی نەستەقی زۆرزانان. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دەشتی هەولێر لانکەی سەرهەڵدانی حەیرانە بەتایبەتی گوندەکانی کەندیناوە و قەراجی دامێنی چیای بلّباسان. ئەو گوندانە زۆر حەیرانبێژی لێهاتووی پێگەیاندووە کە تا دونیا ماوە نەدەنگیان ژەنگ دەیگرێ و نە حەیرانەکانیان دەمرن وەکو: ( خدر حەیران، عوسمان حەیران، حەسەن حەیران، هۆمەر دزەیی، حەمەد بەگی چەغەمیرەی، مستەفا کۆر، عومەر گاوەرەیی....هتد) گومان لەوەدا نییە کە (حەسەن حەیران) شاگوڵ و سەرتۆپی حەیرانبێژانە، باوەڕ ناکەم لە دنیای گۆرانی و ئاوازی کوردیدا، کەسێ هەبێ بەدەنگە زوڵاڵ و خەمۆکییەکەی ئەم هونەرمەندە سەرسام و کاریگەر نەبێ.

حەسەن حەیران بۆ خۆی قوتابخانە و مامۆستایەکی بێ بەرامبەرە لە لاوک و حەیرانی کوردیدا، دەنگە بە سۆزەکەی رەوشی نەمری هەیە و بەدرێژایی رۆژگار ژەنگ نایگرێ و نامرێ و مرۆڤ تەکان دەدا بۆ جیهانی رابردوو و سالآنی بەباچوو لە دنیای بێ وەفا ،ئاە لەبەر خەمی پیرە دنیایێ، وەی لەبەر ژیانی کۆچ و کۆچباری مەڕدارانی کەندیناوە و رەوەندان، کە هەموو سالآن لە گەرمەی پشکوتنی گوڵان، لە گرمە گرمی گەواران و دارڕژانی پڕلە تۆفی باران و تەزران، وەکی کوڕگەلی سۆرانی تیلاک خوار و شوانانی لەشەو بەکیۆ، بەعام دەیانگرت ئەلقەیی زیکری عەشقێکی ئەزەلی لە شلکە کەمەری گۆمی غەزالان و مارواشان، زەینی خۆیان دەداوە رەوە مامزێکی خوتەنی چینی، کۆمەڵە قەتێیەکی چاو بە خاڵی خورشیدی، ئەز غولآم تاقمێک کیژانی نازدار و ناسک بەدەن، وەکی دەڕۆیین بەسەریێ پەنجەیێ نەرمۆکە، ئەوا دەشێلن شلکە گیایان، خونچە گوڵە کێویلکان چاک زەینی خۆت بدەیێ، لە گفتوگۆیان، لە جووڵەی بەنازی لێوان، لەبەر بەژنێ چناران، روومەت وەک پەڕەی گوڵ، ناسکتر لە گوڵ، جووتێ شەمامەی بێ مەرام لەبن کراسی عەمبارە سۆتان. بەو دیمەنە سیحراوییانە هونەرمەند (حەسەن حەیران) چریکەی دەنگە بەسۆزەکەی تێکەڵ بەخەمی دڵی کیژوکوڕانی کەندیناوە دەکات **(حەیران... کیژ دەرێ، عەزیزێ بەدری خۆم دەتو وەرە دەستەکی لە بۆخۆ باوێ سەرملی بەکەزی، بەدەستی دی بترازێنە کلیلی سنجاقان، دەرێینە جۆتە شەمامان، شەمامەی بەندی باخەری، هەرمژە خاری گەردەنان، بۆنکە گەڕی خەناوکان، بەینی مۆری و مەرجانان، گەلەک عاشق سەری خۆیان نایەوە بن گری، گەلە مەترسیم هەیە لەسەری درمان بیتەکۆلە لەگە ئاخرەتێ.)** چاک گوێبگرە... ئەوا چریکەی دەنگە بە سۆزەکەی (حەسەن حەیران) لە دیوەخانی گوندی گیژ جوانان، زەنگۆڵ... زەنگۆڵ شەپۆڵ دەدا، مەجلیس یەک پارچە کڕ و بێدەنگەو لەیەک چرکە قەتماغەی چەندان برینی سارێژ نەبووی عاشقانی بەمراز نەگەیشتوو دەکولێتەوە، تەماشاکەن ئەو گەنجەی بەدەم داڵغەوە لە گۆشەی مەجلیسدا بەچ جۆرێ چۆکی لەقەپرغەی خۆی گیرکردووەو هێدی هێدی گەمە بە تاڵە مووەکانی سمێڵی دەکات و کەوتۆتە بن گۆمی خەیالآن، یەکێکی دی لە مەجلیس دەنکە تەسبیح دەژمێرێ و ئەوی دیکەش زۆر بەشەرم و حەرێم گرانی فرمێسکی چاوانی بەلچکی جەمەدانی دەسرێتەوە. خانمی نازدار حەیرانیش لە ژووری تەنیشت دیوەخان وێڵ و سەرگەردان بووە بە حەیرانی (حەسەن حەیران)، ئەو بەرامبەر پیرە نەینۆک راوەستایە و هەر وەکو من، خەم بۆ ژیانی بابردوو دەخوات و دەست لەبسک و شابسکان وەردەدات، تاڵە مووە سپییەکان دەردەهێنێ و بیر لە ئاییندەی تەماوی و نادیاری خۆی دەکاتەوە، وابزانم تازە شەمەندەفەری ژیان بەجێی هێشتووە و جارێکی دی باران لەم هەوارە ناباری:

**( حەیران... ئەوا دەرێم لە زووری، لەبۆت بمێنم پەرچەم شێ، لە زووری ما زووری، دەبا چاوی تو لە بۆمن بمێنێ بەچاوی کارو کارغەزالەکانی سۆر خوێنی چاوڕەش، وەکی دەلەوەڕێتەوە لە دەشتی کاولە قەراجی هەموو دانی سبەینان گەلە بەنازی کێشتاوی خۆی دەکردەوە لە جۆگەی مەخمووری. ئەوجا خۆزیا بە خۆزی داران دوو راموسانم قەدر بایە لەوی غەداری غەدار داک...هتد).**